هاوڕێکاری سەرۆک وەزیران ئەو بڕە پارەیەی بە سندوقی گەشەپێدان تەرخانکراوە ئاشکرا کرد

هاوڕێکاری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وەبەرهێنان محەمەد نەجار، بڕەی ئەو بڕە پارەیەی بە سندوقی گەشەپێدان تەرخانکراوە ئاشکرا کرد، لە کاتێکدا جەختی لەوە کردەوە کە سندوقەکە هاوسەنگی لە وەبەرهێناندا دروست دەکات.

نەجار بۆ ئاژانسی (موتەبەع) راگەیاند"سندوقەکە کار دەکات بۆ پڕۆپەدانی وەبەرهێنان لە وڵاتدا و هاوسەنگییەکی گەورە دروست دەکات"،

ئاماژەی بەوەشکرد کە "ئامانجی سندوقی گەشەپێدان چالاککردنی کارەکانی کەرتی تایبەتە لە عێراق."

وتیشی "ئەم سندوقە زیاتر لە 4 کەرت لەخۆ دەگرێت، کە گرنگترینیان پەروەردە و پیشەسازی و کشتوکاڵن" و جەختیشی کردەوە لە تەرخانکردنی یەک ترلیۆن دینار لە داهاتی نەوت بۆ پڕۆپەدانی ئەو سندوقە بەپێی بودجە و بۆ ماوەی سێ ساڵ."